# ئاسۆ مریشکەکانت بگرە
# ماڵتان خەریکە بار دەکات



سدیق عەلی

(ماڵتان بەرەو ڕۆژهەڵات)
بوو
کەچی ئێستا بەسەر بەردە دەلینگ تەڕەکانی کەناردا دەڕوانێ
ئێستا بەسەر مەرقەدی بولبولێکو
مەزاری ریشۆڵەیەکدا دەڕوانێ
ماڵتان بەرەو
ئێستا بەسەر کوشتنی دەستوخەتی هەرمێیەکو
تامکردنی رەشنووسی لێکردنەوەی هەنارێکدا
بەرەو بەڕێکردنی کاروانێك گوناهی ئێسکسوکو
داڵدەدانی خێڵێك لە حەسەناتی مرچ‌ومۆندا دەڕوانێ
ماڵتان ئێستا
هەر رۆژەی لەناو نامەیەکدا دەنووسرێتو
هەر دەمەی دەخرێتە ناو رستەیەکی ماندوو
هەر وەختەی دەچێتە قوتووی عەتارێکو
هەر کاتەی دەخزێتە باوەشی چیرۆکێکی پیر
دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی کانییەك
ئەو دەمەی رێحانەکانی پرچی کچێك ئاو دەدات
دەنگی خۆی دەخاتە پال دەنگی هاژەیەك
ئەو کاتەی بەسەر چارەنووسی بەردێکی پشتکووڕدا تێدەپەڕێ
دێتو نینۆکەکانی خۆیو
بسکە مەکرکەرەکانی هەتاو پێکەوە هەڕاج دەکات
دەڕواتو
جووتێك باڵ لە ڤارتۆیەکی نێر بۆ خۆیو
جووتێك گۆرەویی بۆن شامپۆ لە دوکانە سەر سپیەکەی حەمە
بۆ منداڵە گرینۆکەکانی پشت ماڵ دەکڕێت
هەندێك چکلێتی تام سمێڵ بۆ خۆیو
هەندێك بنێشتی تام خەڵوز

بۆ عاشقە دۆڕاوەکانی کۆڵان قەرز دەکات
دێت بانگی کوڕە چاو ڕەشەکەی دەکات
نایەڵێت لەژێر سوانەیەکی نیوە هەتاودا ڕاکشێتو
پڕ بە وجودی کەون بانگی دەکات
ئاسۆ ئاسۆ
ئاسۆ لەنێو تەشتێك چێشتی بۆن تەڕەتیزەدا
کەوچك کەوچك خەمی ساوا دەخوات
ئاسۆ لەناو حەوشەیەکی بۆن گڵدا
بە کلکی مریشکەکانی باوەشێنی کائیناتو
بە چاوە گندۆرەییەکانی
هاوێری چیرۆکە ئاگرینەکانی ئاسمان دەکات
ئەو فریا دەکەوێت شیر بخواتو
مریشك بگرێو ئاو بڕژێنێ
ئاسۆ لە قاوشێکی بۆن پایزدا
پێرا دەگات بگریو دەرمان بخواتو
بنوێ
دواجار ئاسۆ لەناو دوو دەستی بۆن دووکەڵدا
بەرێگاوەیە بۆ وەرین
فریا دەکەوێت گۆرانی بڵێو چاو ببڕێتە دارستانو
فریا ناکەوێت بمرێت
ئاسۆ نایەت
تۆ بار دەکەیو
مردنم لە دەسرۆکەیەکدا بۆ فرێدەدەیتو
منیش لە ترسی گریانی برنجو کوڵانی ژنان ناوێرم بمرم
کەچی ئەو لە خۆشیی سمێڵ شیرینی پیاوانو کوڵانی برنجدا نایەوێت بمرێ
ماڵتان بەسەر جۆگەیەکی پڕ تەرمی سوێردا دەڕوات
بەسەر ئاگرێکی بسك سوورو لچك شیندا ڕێدەکات
بەسەر دووکەڵێکی چاو سەوزو
ڕووبارێکی پرچ خاودا دەڕوات
منیش لە ترسی قاقا ترشاوەکانی کچانی کۆڵان نامەوێت بگریم
ئاسۆ مریشکەکانی بۆ ناگیرێتو
ماڵتان لەسەر لێواری شەپۆلێك چاوەڕێیە
ئاسۆ مریشکەکانی بۆ دەگیرێنو
منداڵانی کۆڵان ماڵی ئێمەی پیشان نادەن
ئیدی ماڵتان بار دەکاتو
ئێستا بەسەر ئێوارەیەکی ڕەشدا دەڕوانێ
ئێستا یاساوڵێکی چاو درێژ
کە بۆنی بنباڵی هەوارەکان پڕ دەکات لە کەللەی کۆترو
دەستو قاچی هێلانە
ئێستا حەسحەسێکی داوێن چنۆك

کە بۆنی شەرواڵی مێژوو پڕ دەکات لە خیانەتی جووتبوونی دوو چەتر
(هەموو شەو و نیوە شەوێ ئێشکچیی باڵاتە)و
بە تەنیا کەپرەکان پڕ دەکات لە کسپەی خەوتنی پشکۆیەك
ئاسۆ مریشکێك دەخاتە ژێر باڵیو
ئەوەی تر دەخاتە ناو تەشتێك چێشتی بۆن تەڕەتیزەو
فێری دەکات چۆن
شیعر بخواتو برنج بخوێنێتەوە
ماڵتان دەرواتو
منداڵیم لەگەڵ مریشکەکانی ئاسۆدا شەڕ دەکات
لەگەڵ ئاسۆدا
منداڵیم حەز لە چێشتی بۆن پیازو
چکلێتی تام قاوە دەکات
منداڵیم حەز دەکات بەدوای تراکتۆرێکی پڕ لە ماڵدا
چەنگۆڵەکانی پڕ کات لە تامی رۆیشتنو پەشمەکی خۆلاوی
بەدوای رووبارێکی پڕ خەوندا
جانتاکەی پڕ کات لە ساوەری کولاو و بنێشتی پاپا
بەدوای سەفەری گۆرانییەکی ساوادا
گیرفانەکانی پڕ کات لە ئاو
منداڵیم پێی خۆشە
تورەکەکانی پڕ کات لە چیرۆکی چارۆکە پیرو
داپیرەی چارە سپی
پەنجەکانی پڕ کات لە کلۆ شەکری رەقو
ددانی نەرم
منداڵیم هەموو ئێواران بە کۆڵانەکەی پشت ماڵماندا تێدەپەڕێ
هەموو بەیانیان لای تانکییەکەی ئێمەوە دەموچاوی بە تاریکی دەشوات
هەموو نیوەڕۆیان لای ئێمە جبسی نەرم دەکرۆژێ
منداڵیم هەموو دەمێ بەدوای چۆلەکەی شێتو
کچی هەڵفریوەوە
باڵەکانی دەکوژێنێتەوە
هەموو دەمێ سفرەی ماڵتان پڕ دەکات لە دەنووکی کۆترو
گەڵای هەنجیر
منداڵیم بەلای ماڵی ئێوەدا دێتو لەگەڵ مریشکەکانی ئاسۆدا
جەنگ بەرپا دەکات
ئیدی ماڵتان
ئێستا بەسەر نەعشی شیعرە فڕێدراوەکانی منو
نەعشی مریشکەکانی ئاسۆو
دەسرۆکە دراوەکانی تۆدا دەگریو
(هەموو شەو و نیوە شەوێ بە دایمە) رۆحی لەلاتە.